Zanco Journal of Human Sciences
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.25

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Bahar Abduljabar Jami
bahar.jami@su.edu.krd

# شیعرییەتی زمانی ڕۆمان لە ئاستی دەلالیدا ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" ی بەختیار عەلی بە نموونە

بەهار عبدالجبار جامی/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق
ڕێبوار محمد اسماعیل/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق

RECEIVED :03 /07/2025
ACCEPTED :10/08/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (شیعرییەتی زمانی ڕۆمان لە ئاستی دەلالیدا - ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" ی بەختیار عەلی بە نموونە)یە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی شیعرییەت و بوارەکانی پەیوەست بە شیعرییەت و زمان لە ڕۆمانی وەرگیراودا، لێکۆڵینەوە لە شیعرییەتی زمانی ڕۆمان دەکات لە ئاستی دەلالیدا، بە وەرگرتنی ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" وەک نموونەیەکی پراکتیکی

یەکێک لە جیاکەرەوەکانی زمانی دەقی ئەدەبی بریتییە لە بوونی شیعرییەت تێدا، ئاستی شیعرییەتی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەبنە ناسنامە و شێوازی تاکەکەسی نووسەرەکە، لەم توێژینەوەیەدا ئاستی شیعرییەت و بنەما هونەرییەکانی شیعرییەتی دەلالی لەو ڕۆمانەدا دەخرێتەڕوو، جیاکاری و شێوازی شیعرییەتی زمانی ڕۆمانەکە نیشاندەدات. توێژینەوەکە هەوڵدەدات ئەو میکانیزمانە دەستنیشان بکات، کە لە ڕێگەیانەوە زمان لە ئاستی ئاساییەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی داهێنانی ئەدەبی و شیعرییەت. تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی هونەر و تەکنیکە زمانەوانییەکان لە وێنەی شیعری، ڕەمز، خواستن و لێکچواندن لە دروستکردنی واتای قوڵ و دەلالەتی نوێدا. هەروەها شیکردنەوە لە ڕۆڵی زمان دەکات وەک ئامرازێکی داهێنەرانە بۆ دروستکردنی دەقی هونەری و تایبەت لە ناو ڕۆماندا. لە ئەنجامدا ئاست و بەهای شیعرییەتی زمانی دەقی ڕۆمانەکەمان بۆ دەردەکەوێت. لە ئەنجامدا ئاست و بەهای شیعرییەتی زمانی دەقی ڕۆمانەکەمان بۆ دەردەکەوێت

وشە سەرەکییەکان:
شیعریەت،
شیعریەتی زمان،
ئاستی دەلالی،
وێنەی هونەری،
ڕۆمان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

ئەم ناونیشانەی سەرەوە توێژینەوەیەکە، لەسەر خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شیعرییەتی زمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیار عەلی، لەسەر ئاستی دەلالی و بە وەرگرتنی وێنەی هونەری و لێکچواندن و خواستن و ڕەمزەکان دەقەکان شیدەکاتەوە. واتە ئاماژە بە شێوازی بەکارهێنانی هونەرمەندانەی زمان لە ڕۆمانەکە دەکات، بە مەبەستی دەرخستنی ڕۆڵی ئەم وێنانە لە بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەت و هونەری دەقەکەدا. شیعرییەت وەک دیاردەیەکی زمانی و هونەری، نەک تەنیا لە شیعردا بەڵکو لە هەموو ژانرەکانی ئەدەبیدا، بە تایبەتی لە ڕۆماندا دەردەکەوێت، کە بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەک، کە لە واتا ئاسایی و ڕاستەوخۆکانی وشەکان تێپەڕێت و واتای قووڵ و ڕەمزی دروست دەکات.

ژانری ڕۆمان وەک یەکێک لە فۆرمە ئەدەبییە گرنگەکان، تەنیا گێڕانەوەی چیرۆک و ڕوداو نییە، بەڵکو بوارێکی دانەبڕاوە بۆ دەربڕینی شیعرییەت و جوانیناسی. شیعرییەتی زمان لە ڕۆماندا، بابەتێکی گرنگە لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا. ئەم بابەتە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە چۆن ڕۆماننوس دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی ئەدەبی و هونەر و تەکنیکەکانی زمانەوە، دەقی ڕۆمانەکەی بگۆڕێت لە گێڕانەوەیەکی سادەی ڕوداوەکان بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی، کە خاوەنی شیعرییەت و جوانیناسی تایبەتی خۆی بێ. لە ئاستی دەلالیدا، شیعرییەتی زمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازانەی، کە نوسەر زمان بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی واتای قوڵ و دەلالەتی فرەڕەهەندی. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی شیعری، ڕەمز، خواستن، لێکچواندن و جۆرەکانی تری لادانی زمانەوانییەوە ڕوودەدات.

ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" نموونەیەکی باشە بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعرییەتی زمان، چونکە لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو تەکنیکە جیاوازەکانی زمانەوانی بەکارهاتوون بۆ دروستکردنی شیعرییەت و ئیستاتیکا، کە تیایدا نوسەر توانای هونەری و داهێنەرانەی خۆی نیشانداوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** شیعرییەت بوارێکی گرنگی توێژینەوەیە، وەک بنەمای زانستی ئەدەب، ئەو میکانیزمانە دەخاتەڕوو، کە دەقێکی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی. گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن نوسەر بە توانا و لێهاتوویی خۆی بە بەکارهێنانی زمان و تەکنیکەکانی زمان و لادان و وێنەی هونەری، توانیویەتی دەقێکی پڕ لە شیعرییەت بەرهەم بهێنێت و ئاستی هونەری ڕۆمانەکەی لەسەر ئاستی دەلالیدا بەرز بکاتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لە نوسینی ئەم توێژینەوەدا، ڕێبازی (وەسفی_شیکاری) پەیڕەو کراوە، هەروەها کار بە میتۆدی شێوازگەری کراوە، لەسەر ڕێڕەوی میتۆدی شێوازگەری دەڕوات بە ڕێوە، دوای ئەوەی وەسفی چەمکەکان کراوە و زانیاری تیۆری لەسەر شیعرییەت، شیعرییەت لەسەر ئاستی زمان، تەکنیک و هونەرەکان و لادان خراوەتەڕوو، ئینجا لەسەر بنەمای ئەو وەسف و زانیارییانە نموونەی دەقی ڕۆمانەکە وەرگیراوە و شیکراونەتەوە، کاری پراکتیکی لەسەر کراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری لێکۆڵینەوەکە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیار عەلی یە، بەتایبەت ئەو دەقانە بە ئامانج دەگرێت، کە لەئاستی دەلالیدا لادانیان تێدایە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە ئامانجی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە شیعرییەتی زمانی ڕۆمان لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان" لە ئاستی دەلالیدا شیبکاتەوە، ئەوە نیشاندان بدات، کە چۆن نوسەر لەم ڕۆمانەدا بە بەکارهێنانی جۆرەکانی لادانی واتایی وێنەی هونەرییەکان، توانیویەتی شیعرییەت بخولقێنێت و پلەی هونەری و جوانناسی دەقەکە بەرز بکاتەوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و دوو بەشی سەرەکی پێک دێت، کە هەر بەشێکیش چەند تەوەرەیەک لە خۆی دەگرێت، بەشی یەکەم لە چوار تەوەرە پێک دێت، لە تەوەرەی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی و تیۆری باس لە چەمک و پێناسەی شیعرییەت کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا باس لە چەمکی شیعرییەت لەڕووی مێژووییەوە لە تێڕوانینی کۆن و نوێدا کراوە، لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە شیعرییەت لەسەر ئاستی زمانی دەق و تەوەرەی چوارەمیش باس لە شیعرییەت لە تەکنیک و هونەرەکانی ڕۆماندا کراوە. بەشی دووەم، کە بواری پراکتیکی توێژینەوەکەی لە خۆ

گرتووە، لە سێ تەوەرە پێک دێت، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە شیعرییەتی لادان کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا، باس لە جۆرەکانی شیعرییەتی لادانی واتایی کراوە لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا، کە خۆی لە وێنەی هونەری، لێکچواندن، خواستن و ڕەمزدا دەبینێتەوە و بە نموونەی پراکتیکی خراوەتەڕوو. لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## 1. چەمک و پێناسەی شیعرییەت

شیعرییەت بابەتێکی کۆنە و لە هەمان کاتیشدا نوێیە، ڕەسەنایەتی ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ، کە بۆ یەکەمین جار ئەم زاراوەیەی لە کتێبەکەیدا بەناوی (هونەری شیعر) بەکارهێناوە، لەوێوە باس لە یاساکانی داهێنانی دەقی ئەدەبی دەکات. شیعرییەت چەمکێکی ئەدەبی و فەلسەفییە، لە سروشت و تایبەتمەندی و یاساکانی دەق دەکۆڵێتەوە. واتە یاسا و ڕێساکانی داهێنانی ئەدەبی دەستنیشان دەکات، لە ڕەهەندە جوانیناسی، زمانەوانی و فیکرییەکانی دەق دەکۆڵێتەوە. شیعرییەت "زانستێکە دەربارەی سیستێمی ڕێگاکانی دەربڕین و یەکێکە لە دیسپلینە هەرە کۆنەکانی ئەدەبناسی" (هاڵبێرگ و دانەرانی تر، 2010، 177). واتە چەمکێکی فرەڕەهەند و گرنگە لە بواری ئەدەبناسی و ڕەخنەی ئەدەبیدا. وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی، لە سەرچاوە کۆنەکانەوە سەرهەڵدەدات، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی و ئاشکراکردنی ڕەهەندە فیکری و ئیستاتیکییەکانی. شیعرییەت، تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی دەقی ئەدەبی دەستنیشان دەکات و لە دەقی نا-ئەدەبی جیای دەکاتەوە. ئەم چەمکە کۆمەڵێک پێوەر، تەکنیک و میکانیزم لەخۆ دەگرێت، کە بە هۆیانەوە دەتوانین سروشتی ئەدەبی بونی دەقێک بناسینەوە. شیعرییەت، لە جەوهەردا، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو پرۆسە ئاڵۆزەی، کە تیایدا زمان لە ئاستی ئاسایی و ڕۆژانەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی داهێنان و ئەفراندنی هونەری. ئەم چەمکە گرنگی بە شیکردنەوەی قوڵی پێکهاتەی زمانەوانی، تەکنیک، هونەر، وێنە، ڕەوانبێژی و شێوازی دەق دەدات، بۆ ئەوەی ئەو خەسڵەتە تایبەتانە دەستنیشان بکات، کە دەقێک دەکەنە بەرهەمێکی ئەدەبی.

### 1-1. شیعرییەت لە تێڕوانینی کۆن و نوێدا

شیعرییەت ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە میراتی فەلسەفی یۆنانی کۆنەوە وەرگرتوە، بناغەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن، کە فەیلەسوفانی وەک ئەفلاتون و ئەرستۆ بۆ یەکەمجار لەگەڵ سروشت و مەبەست و ئامانجی شیعر وەک فۆرمێکی هونەری گفتوگۆیان لەبارەیەوە دەکرد. شیعرییەت لە تێڕوانینی کۆندا واتای "هونەری داهێنان" دەگەیەنێت. ئەم تێڕوانینە "کلاسیکی-ئەرستۆیی"یە گرنگی دەدات بە دیاریکردنی خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی بەرهەمی شیعری، دۆزینەوەی تایبەتمەندی شێوازی زمانی شیعری و شیکردنەوەی ئەو توخمانەی، کە واتا بەرجەستە دەکەن. واتە، ئەم تێڕوانینە وابەستەیە بە نیگای داهێنانەوە، مەبەستیش لێی " دۆزینەوەی کاریگەرییە تایبەتییەکانی هەر شێوازێکی شیعری و لێکۆڵینەوە لەو ڕەگەزانەیە، کە واتا زەقدەکەنەوە و سیماکانی هەر کارێکی شیعری دەستنیشان دەکەن" (عەبدوڵڵا، 2016، 355). ئەرستۆ زمان بە یەکێک لە مەرج و پێوەرە گرنگەکان دادەنێت بۆ دروستبونی شیعرییەت، هەروەک دەڵێت: "ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکاربێ، بەرزی و شکۆمەندیی تێدایە و لەسەروی ئاستی زمانی ڕۆژانەوەیە، مەبەست لە وشەی ناباو وشەی خوازراوە و وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی ترە کە لەحاڵەتی ئاسایی بەدەر بێ" (ئەرستۆ، 2011، 83). ئەرستۆ جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانێک دەکاتەوە، کە میتافۆر و وشەی داهێنراو و ناباوی تێدا بەکاربهێنرێت "وشەی داهێنانی شیعری: وشەیەکە لەناو خەڵک بەکارنەهاتوە، شاعیر خۆی دایدەهێنێ" (ئەرستۆ، 2011، 79). واتە وشەیەکە دوور و جیاوازە لە دەربڕین و ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک. ئەو جیاوازی بەکارهێنانەش وا دەکات، کە شیعرییەت دروست ببێت. ئەرستۆ وادەبینێ، زمانی خوازراوی شاعیران ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی زیندوو و گەیاندنی مانایەکی قوڵتر لە وشە ڕاستەقینەکان، کە میتافۆر و هاوشێوەکان و وێنە هونەرییەکانی تر بەکاردەهێنن. بە وردی وشە و وردەکارییە هەستیارەکان هەڵدەبژێرن، بۆ ئەوەی وێنەی زیندوو لە مێشکی خوێنەردا بکێشن و مانای ڕەمزی بگەیەنن. شیعرییەت لای ئەرستۆ لە واتا تایبەتەکەیدا وەک هونەری لاساییکردنەوە دەبینرێت، کە یاساکانی داهێنانی ئەدەبی دیاری دەکات. لێرەدا، ئەرستۆ جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت دەکاتەوە کە لە زمانی ڕۆژانە جیاوازە، بە تایبەت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی ناباو، خوازە و میتافۆر و وێنەی هونەری. لە واتا گشتییەکەیدا "کە دواتر لەلایەن فۆرمالیستە ڕوسەکانەوە پەرەی پێدرا، شیعرییەت وەک یاساکانی گوتاری ئەدەبی دەبینرێت " (ناظم،

1994، 5). ئەم تێگەیشتنە فراوانترە و سەرجەم ڕەگەزە زمانی و بونیادەکانی دەقی ئەدەبی لەخۆدەگرێت, کەواتە شیعرییەت لای ئەرستۆ خۆی لە دوو واتای بنەڕەتیدا دەبینێ: واتایەکی تایبەت، شیعرییەت هونەری لاساییکردنەوە و خەیاڵکردنە، یاساکانی داهێنانی ئەدەبی.. واتایەکی گشتی، کە لەگەڵ فۆرمالیستە ڕوسەکاندا پەرەی پێدرا، ئەویش یاساکانی گوتاری ئەدەبییە. بەم شێوەیە، ئەرستۆ بناغەی تیۆرییەکی دانا، تێیدا شیعرییەت وەک سیستەمێکی زمانی تایبەت و جیاواز لە زمانی ئاسایی دەبینرێت، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکە زمانییە تایبەتەکانەوە، توانای گواستنەوەی مانا و هەستی قوڵتری هەیە.

لە ڕوانگەی (ڕۆمان جاکۆبسن)ەوە شیعرییەت سێ ڕەهەندی سەرەکی هەیە: 1. میکانیزمی بەرهەمهێنانی هونەری: شیعرییەت ئەو تایبەتمەندییە زمانەوانییانە دەستنیشان دەکات، کە پەیامێکی ئاسایی دەگۆڕن بۆ بەرهەمێکی هونەری. لێرەدا، جەخت لەسەر ئەو پرۆسە زمانەوانییانە دەکرێتەوە، کە وادەکەن دەقێک لە ئاستی زمانی ڕۆژانەوە بەرز ببێتەوە بۆ ئاستی داهێنانی ئەدەبی 2. شیکردنەوەی ئەرکی شیعری زمان: لەم ڕوانگەوە، شیعرییەت تیشک دەخاتە سەر: أ.چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی گوتاری ئەدەبییدا. ب. شیکردنەوەی پێکهاتەی ڕستەسازی و مۆرفۆلۆژی دەقی ئەدەبی. ج. لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی دەق، وەک پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا، وێنە و دەربڕین. 3. یەکگرتنی ناوەرۆک و فۆرم. شیعرییەت لەم ڕوانگەیەوە ئەو پرۆسەیە دەستنیشان دەکات، کە تیایدا زمان هاوکات دەبێتە: أ. کرۆک و جەوهەری پەیام، واتە ناوەرۆکی سەرەکی دەق. ب.ئامرازی گەیاندنی پەیام، واتە شێوازی دەربڕین و گواستنەوەی ئەو ناوەرۆکە "مەبەست لێی، ئەوەی پەیامێکی زمانی دەکاتە کارێکی هونەری و زمان، لە هونەری تر جیا دەکاتەوە یان لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە بۆ ئەرکی شیعری لە چوارچێوەی ئاخاوتن و گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی ڕستەسازی و پەیوەندی ئاڵوگۆر لە نیو برگەکان، یاخود ئەوەی پەیوەستە بە داهێنان و ئەفراندنی کارێک، کە تێیدا لەیەک کاتدا زمان کرۆک و (جەوهەر) وەسیلەکەیەتی" (خۆشناو، 2009، 22).

دیدی جاکۆبسۆن بۆ شیعرییەت، لە تیۆری پەیوەندیکردن و شەش توخمەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەوانیش: نێرەر، وەرگر، پەیام، کۆنتێکست، کۆد و کەناڵی پەیوەندیکردنن. نێرەر پەیامێک بۆ وەرگر دەنێرێت، پەیامیش "ئەو ناوەرۆکەیە، کە هێما زمانییەکانی دەق لەخۆی دەگرن، لەمەدا ئەرکی بەرهەمهێنانی شیعرییەت وەدی دێت" (مستەفا، 2011، 42). بۆ ئەوەی پەیامەکە واتادار و کاریگەر بێت، پێویستی بە سیاقێک هەیە بۆی بگوازێتەوە "گواستنەوەکەش بەپێی کەناڵی پێوەندی وەک (نوسین، ئاخاوتن) پێکدێت" (صالح، 2020، 89). هەروەها پێویستی بە کۆدێکی (زمانێکی) هاوبەش هەیە لەنێوان نێرەر و وەرگردا "لە کۆتاییشدا پەیوەندیەک ڕایەڵێکی فیزیکی یان دەرونی، کە نێرەر و وەرگر پێکەوە گرێدەداو وایان لێدەکا، کە پێکەوە بکەونە پەیوەندیکردن و لەسەری بەردەوامبن" (هاڵبێرگ و دانەرانی تر، 2010، 149). هەریەک لەو شەش توخمە ئەرکێکی زمانەوانی جیاواز دروست دەکات. شیعرییەتیش پەیوەندی بەو ئەرکە ئەدەبییە هەیە، کە پەیامەکە دروستی دەکات. جاکۆبسۆن لە ڕوانگەیەکی زمانەوانییەوە شیعرییەتی بە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانەوانی داناوە. تیۆرەکەی جاکۆبسۆن لەسەر شەش ئەرکی زمان و ئەرکی شیعرییەتە، هەر یەک لەو هۆکارانەی پەیوەندیکردن ئەرکێکی زمانەوانی لێ دەکەوێتەوە. دەتوانین بڵێین پرۆسەی پەیوەندیکردن ئەم توخم و ئەرکانە دەهێنێتە ئاراوە.

شیعرییەت لای جۆن کۆهین (شیعرییەتی لادان) ە، تیۆرەکەشی لەسەر بنەمای چەمکی لادان دامەزراوە. کۆهین پێی وایە شیعرییەت لە جەوهەردا پرۆسەی سیستماتیکی لادانە لە نۆرمە زمانەوانییەکان. لەم ڕوانگەیەوە، شیعر وەک دیاردەیەکی زمانەوانی تایبەت دەردەکەوێت، کە لە ڕێگەی پێشێلکردنی یاساکانی زمان، واتا و کاریگەری نوێ دەخوڵقێنێت. کارەکانی سەبارەت بە لادان لە شیکردنەوەی ئەدەبیدا بە شێوەیەکی زۆر تیشک دەخەنە سەر لادانی زمانەوانی بەکارهێنانی ئامانجدارانەی زمان، کە لە نۆرمەکانی ڕێزمانی، ڕستەسازی، یان مانا چاوەڕوانکراوەکان جیا دەبێتەوە. پێی وایە ئەم لادانانە ئامرازێکی بنەڕەتین، کە شاعیران بەکاریان دێنن. ڕێبازی کۆهین بۆ زمانی شیعری بەرەنگاری چەمکە نەریتییەکەی شیعرییەت دەبێتەوە، کە شیعرییەت تەنها بە ڕازاندنەوەی زمان دەبینن وەک فۆرمێکی ڕازاوە، لە جیاتی ئەوە جەخت لەسەر ڕۆڵی بنیادیی لادان دەکاتەوە. لە دروستکردنی مانا و جوانکاری شیعریدا. لادان وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ تێکشکاندنی پێکهاتە نۆرمەکانی زمان دادەنێت. شیعرییەتی کۆهین ئاراستەیەکی زمانەوانی هەیە، پشت بە لادان دەبەستێت، تیۆرەکەشی بە تیۆری لادان ناسراوە. تایبەتی دەکات بە شیعر، نەک جۆرەکانی تری گوتاری ئەدەبی. واتە ناوەڕۆکی تیۆری شیعرییەتەکەی لەسەر چەمکی لادان بنیاد نراوە. ئەو بیرۆکەیەی، کە زمانی ئەدەبی بە مەبەست لە نۆرمەکانی زمانی ڕۆژانە جیادەبێتەوە بۆئەوەی کاریگەری ناوازە و بێهاوتا و جوانکاری دروست بکات "شێوازگەری زانستی لادانی زمانەوانییە" (کوهن، 1986، 16) ئەم تیۆرە جەخت لەسەر دوو ئاستی سەرەکی لادان دەکاتەوە: ئاستی دەنگی و ئاستی دەلالی "شیعرییەتی کۆهین جەخت لەسەر توانای

گۆڕینی ئەم لادانە زمانەوانییە دەکاتەوە. ئەم لادانە زمانییانەش دەبنە هۆی دروستبونی وێنەی شیعری وەک: (ڕەگەزدۆزی، کێش، سەروا، هتد..) لەسەر ئاستی دەنگی، هەروەها لەسەر ئاستی دەلالیش دەبنە هۆی دروستبونی وێنەی وەک: "لێکچواندن، خواستن، درکە هتد.." (مەلا، 2011، 11). شاعیرەکان میتافۆر و هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی بەکاردەهێنن بۆ شکاندنی یاساکانی دەلالی و کردنەوەی جیهانی نوێی لێکدانەوە. شیعرییەتی کۆهین، شیعر وەک کردەیەکی داهێنەرانە و تێکشکێنەری زمان دەبینێت، کە لە ڕێگەی لادانەوە، شێوازی نوێی دەربڕین و بیرکردنەوە دەخولقێنێت.

## 2-1. شیعرییەت لە ئاستی زمانی دەقدا

زمان چەمکێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا. شیعرییەتی زمان هەوڵ دەدات پەیوەندییە قوڵەکانی نێوان زمان و کاریگەرییە هونەرییەکانی لە دەقی ئەدەبیدا بدۆزێتەوە و شیابنکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، شیعرییەت هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتن لەو میکانیزمە ئاڵۆزانەی، کە زمان لە ڕێگەیانەوە دەبێتە سەرچاوەی داهێنان و جوانی. شیعرییەتی زمانی دەق بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە توخمە زمانەوانییەکان، تایبەتمەندی و سیفەتە جوانیناسییەکان و دەربڕینەکانی دەقی ئەدەبی. شیعرییەتی دەق لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن زمان خۆی بەکاردێنێت بۆ دروستکردنی مانا و کاریگەری و شیعرییەت "پەیوەندییەک لە جەستەی دەقەکاندا نیشتەجێیە، پەیوەندی شیعرییەت و زمان" (ڕەنجدەر، 2013، 91). شیعرییەتی زمان لە شیکردنەوەی ناوەڕۆک یان بابەتی بەرهەمێک تێدەپەڕێت، تیشک دەخاتە سەر وردەکارییەکانی دەق، لە ئاستە جیاوازەکانی زمان (دەنگ، وشە، ڕستە) وردبێتەوە وەک ناوەندێکی دەربڕینی هونەری. زمان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی بنیاتنان و داهێنانی دەقی ئەدەبی، ڕۆڵێکی سەرەکی و بنچینەیی دەبینێت بۆ بەرجەستەکردنی ڕەگەز و تەکنیکەکانی دەقی ئەدەبی. زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی پەیام، بەڵکو خۆی دەبێتە بنەمای سەرەکی داهێنان و داهێنان بەبێ زمان ناکرێت، چونکە زمان ئەو بوارەیە، کە تێیدا کەرستە و بیرۆکە و هەست فۆرم وەردەگرێت و دەیکاتە بەرهەمێکی هونەری. لەبەر ئەوە "ئیبداع بەبێ کەرەسەی زمان مەحاڵە، زمان ڕێگا مەیسەر دەکا بۆ داهێنان و ئیبداع" (سابیر، 2006، 292).

گرنگیدان بە شیعرییەتی زمان ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە، بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە. ئەفلاتون لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی (کۆمار)دا باسی کاریگەری زمانی شیعری کردوە. سەرەڕای هەڵوێستە ڕەخنەییەکەی سەبارەت بە شیعر و شاعیران، ئەفلاتون دانی بەوەدا ناوە، کە زمانی شیعری خاوەنی هێزێکی تایبەتە، دەتوانێت کاریگەرییەکی قوڵ لەسەر دەرونی مرۆڤ دروست بکات. بە بۆچونی ئەو ئەم کاریگەرییە دەرونییە لە ڕێگەی جوانی و شێوازی تایبەتی دارشتنی زمانەوە دروست دەبێت "بە بۆچونی ئەفلاتون، ئەو کاریگەرییەی شیعر لە شێوازی دارشتن و زمانی تایبەتییەوە دێت، کە شیعر هەیەتی" (کریم، 2017، 135). واتە پێی وایە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتی هاوڵاتیانی کۆمارەکەی هەبێت، کە ئەمەش نیشانەی گرنگی و هێزی شیعرییەتی زمانە. هەروەها ئەرستۆ لە کتێبی (پۆیەتیکا) دا، زمان بە یەکێک لە مەرج و پێوەرە گرنگەکان دادەنێت، بۆ دروستبونی شیعرییەت و داهێنانی دەقی ئەدەبی.

نوسەر دەبێت شارەزایی لە زانستی زمان و توانای بەسەر ئاستەکانی ڕێزمان و فەرهەنگەکەیدا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێ شیعرییەت و ئیستاتیکا بەرجەستە بکات لە دەقی ئەدەبیدا، دەربڕینەکانی لە دەربڕینی ئاسایی جیاوازبێت. وەک داهێنەرێکی زمانەوانی لە ناخی زماندا بە دوای ئەو دەرفەتانەدا دەگەڕێت، کە دەتوانن ببنە سەرچاوەی شیعرییەت و داهێنانی نوێ، هەوڵ دەدات سنورەکانی دەربڕین و مانا فراوانتر بکات. بە واتای ئەوەی نوسەر لە ناو دەقی ئەدەبیدا، دەست دەداتە جۆرێک لە یاریکردنی زیرەکانە بە زمان، وشە و ڕستەکان، کە دەبێتە هۆی دروستبونی پەیوەندی و مانای نوێ لە نێوان بەشە جیاوازەکانی زماندا.

## 3-1. شیعرییەت لە تەکنیک و هونەرەکانی ڕۆماندا

ڕۆمان یەکێکە لەو ژانرانەی، کۆمەڵێک تەکنیک و هونەری تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو تەکنیک و هونەرانەش، لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانێکی ئەدەبی و بە کارهێنانی هونەرمەندانە و لێهاتویی زمانەوانیی ڕۆماننوس بەرجەستە دەکرێن. ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی، لە جەوهەری خۆیدا هەڵگری توخمی شیعرییەتە. ئەم تایبەتمەندییە لە ڕێگەی چنینێکی وردی زمانەوانی و وێنە و هونەر و تەکنیکەکانی گێڕانەوەوە دەبێت. ڕۆماننوس لەم پرۆسەیەدا، زمان و فۆرم وەک ئامرازێک بەکار دێنێت بۆ خوڵقاندنی چێژێکی ئێستاتیکی و گواستنەوەی مانا قوڵەکان. شیعرییەتی ڕۆمان لەو توانایەدا خۆی دەبینێتەوە، کە چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی زمان و هونەر و تەکنیکە

ئەدەبییەکانەوە، جیهانێکی تایبەت بخوڵقێنێت و خوێنەر بۆ ناو ئەو جیهانە ڕابکێشێت. ئەمەش وا دەکات، کە ڕۆمان تەنها گێڕانەوەیەکی سادەی ڕوداوەکان نەبێت، بەڵکو ببێتە بەشێک لە ئەزمونی جوانیناسی و فیکری خوێنەر "بەهۆی زمانەوەیەوە دەتواندرێت پێوەندیی لەگەڵ هونەر و توخمەکانی تری ناو دەق دروست بکرێت، بەتایبەتی توخم و هونەرەکانی گێڕانەوە. بە هۆی زمانەوە دەتواندرێت جوانی و چێژێکی وا بە خوێنەر ببەخشین، کە هەست بکات لەناو فەزای ڕوداوەکانی ناو دەقەکەدایە، ئەمەش وا دەکات زیاتر لە جارێک هەوڵی خوێندنەوەی دەقەکە بدات" (حەمە مەنتک، 2010). شیعرییەتی ڕۆمان پەیوەندی هەیە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە لایەن ڕۆماننوسەوە، لە ڕێگەی تەکنیک و ڕەگەزەکانی وەکو چنین، تەکنیکەکانی ڕێکخستنی کات، وەسفی ڕوداو شوێن و کاراکتەرەکان و داڕشتنی دەقی ڕۆمان بە شێوەیەکی هونەری، واتە "شیعرییەت پەیوەستە بە ڕۆماننوس چۆن کەرستەکانی بنیاتی زمان بەکاردەهێنێت و لە ڕێگەی توخم و تەکنیکە جیاوازەکانی ڕۆمانەوە بە چ شێوازێک جوانیناسی لە دەقی ڕۆماندا بەرهەمبهێنێت و بنیاتی واتایی ڕۆمانەکەی بەشێوەیەکی هونەری پێشکەش بە وەرگر بکات" (حەسەن، 2023، 38). شیعرییەتی ڕۆمان وەک سیستەمێکی ئاڵۆزی زمانەوانی دەردەکەوێت، کە لە چەندین ئاستدا کار دەکات. لە ئاستی دەنگسازیدا، ڕیتم و مۆسیقای وشەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دروستکردنی ئیستاتیکا و شیعرییەتی دەق. لە ئاستی وشەدا، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و جۆرەکانی لادانی وشەییدا، لە ئاستی سینتاکسدا، داڕشتنی ڕستە بە شێوەیەکی نائاسایی و کرتاندن و پاش و پێشخستنی بەشەکانی ڕستە، لە ئاستی سیمانتیکدا، بەکارهێنانی وێنەی شیعری، لێکچواندن، ڕەمز و خواستن دەبنە هۆی دروستبونی واتای جیاواز و قوڵتر و دەلالەتی نوێ. ئەمانە هەمووی تایبەتمەندی سەرەکی شیعرییەتی ڕۆمانن، کە لە هەموو پێکهاتەکانی دەقدا ڕەنگ دەدەنەوە، لە ناونیشانی ڕۆمان و ناونانی کارەکتەرەکانەوە، تا گەیشتن بە وەسفی شوێن و شت و کاراکتەر، هەموویان دەکەونە ژێر کاریگەری شیعرییەتەوە.

## 2-1. شیعرییەتی زمانی ڕۆمان لە ئاستی دەلالیدا

### 2-1-1. شیعرییەتی لادان

لادان یەکێکە لە بنەماو پێوەرەکانی دروستبونی شیعرییەت، لادان و شیعرییەت دو چەمکی سەرەکین لە زانستی ئەدەبدا، پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە. لادان ئاماژەیە بۆ دەرچون لە شێوازی باو و ئاسایی زمان، بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەرییەکی هونەری و ئەدەبی. شیعرییەت هەوڵدەدات لەو میکانیزمانە تێبگات، کە دەقێکی ئاسایی دەگۆڕن بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی. ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکات، کە بەشدارن لە دروستکردنی جوانکاری و کاریگەرییە هونەریەکاندا. شیعرییەت لێکۆڵینەوە لەو جۆرە لادانانە دەکات، کە بەهای ئێستاتیکی و هونەرییان هەیە، واتە ئەو لادانانەی، کە دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەر "شیعرییەت لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە و ناسین و دەستنیشانکردنی ئەو لادانانەیە لە پێوەری گشتی، بەهای ئیستاتیکیان هەیە" (حسێن، 2005، 183).

گرنگی لادان لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی و چۆنیەتی بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ جوانکردنی دەقی ئەدەبی دەردەکەوێت. لە نۆرمی ئاسایی زمان دەردەچێت و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی شیعرییەت. شیعرییەتیش گوزارشت لەو تایبەتمەندییە هونەرییانە دەکات، کە دەقێکی ئەدەبی لە جۆرەکانی تری نوسین و دەقی نائەدەبی جیا دەکاتەوە. پرۆسەی لادان لە نۆرمی ئاسایی لە زماندا یان لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی شیعرییەت "بەجۆرێک بەرز بونی ڕێژەی لادان، بەرزبونی شیعرییەت و پێکهاتەکەی دەسەلمێنێ" (خۆشناو، 2009، 244). لادان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بەرهەمهێنانی شیعرییەت، بەشدارە لە خوڵقاندنی جوانی و داهێنان لە دەقی ئەدەبیدا "زمانی داهێنان سروشتێکی پڕ لە لادانی هەیە" (عەبدوڵڵا، 2013، 76). لادان بە واتای سەرپێچی یە، جا ئەم سەرپێچی یە لە ئاستەکانی زماندا بێت، لە ڕووی دەنگی یان وشە و ڕستەوە، یان لە ڕووی واتاوە بێت، لادان لەمانا فەرهەنگییەکان یان لە بەکارهێنانی وشە و واتای سواو و باو. جوانی لادان لە بەرهەمهێنانی وێنەی هونەری، فۆڕم و شێوازی داڕشتنی نوێ و زمانێکی هونەری داهێنەرانە دایە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر چێژ لە دەقی ئەدەبی وەربگرێت لە ڕوی هونەری و جوانکارییەوە.

## 2-2. شیعرییەتی لادانی واتایی

واتا بەشێکی گرنگی زمانە "هیچ زمانێکیش بونی نییە بە بێ بونی واتا" (عەلی، 2011، 79). لادانی واتایی بریتییە لە ناوێزەیی و نائاسایی بەکارهێنانی زمان، شکاندنی یاساکانی ناوەوەی زمان، بە واتای گۆڕینی مانای وشە یان دەستەواژەیەک بۆ

مانایەکی تر، کە بە مانای ئاسایی خۆی نازانرێت و بۆ مانای خۆیان بەکارناهێنرێن. دەتوانرێت وشەیەک بە مانایەکی هێما یان مێتافۆر بەکاربهێنرێت، ئەمەش دەبێتە گۆڕانی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ناو و ناولێنراودا هەیە، چونکە نوسەر نایەوێ ئەو وشە و کەرستانەی، کە بەکاری دێنێت بە هەمان واتا لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، لادانی واتایی "تایبەتمەندییەکی زمانی شیعرە، هەستی مرۆڤی پێ دەوروژێنێ، بەوەش دەستکاریی ئەو پەیوەندییە دەکا، کە لە نێوان ناو و ناولێنراو دا هەیە، گۆڕان لە واتاکاندا دەکا بەمەستی ڕازاندنەوە" (دزەیی، 2009، 135). لادانی واتایی خوێنەر بەرەو بیرکردنەوە و هەستکردنێکی جیاواز دەبات، چونکە واتای نوێ بە وشە و کەرەسەکان دەدرێن، کە لەگەڵ واتای کەرەسەکان ناگونجێن، سەرەتا خوێنەر وادەزانێت واتاکان هەڵە و نالۆژیکین، چونکە لەگەڵ هۆش و لۆژیک نایێنەوە و وشەکان مانای ڕاستەقینەی خۆیان نادەن. دوای وردبونەوە و ڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵ لەمەبەست و ئەو دیوی واتای وشە و کەرەسەکان تێدەگات و دەگاتە واتایەکی نوێ، کە لە ئاستێکی قوڵتر و جوانناسیدایە. لێرەدا لە ئامانجی نوسەر تێدەگات و هۆکاری بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە دەدۆزێتەوە. بەمەش خوێنەر دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی لادان و شیعرییەت. نوسەر بەهۆی لادانی واتایی دەق بەرەو داهێنان و شیعرییەتێکی بەرزتر دەبات، کە پێویستی بە توانایەکی تایبەت لە نوسەردا هەیە بۆ بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی داهێنەرانە. سەبارەت بە شیعرییەتی لادانی واتایی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، دەبینین شیعرییەتی لادانی واتایی لە ڕۆنانەکاندا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە لە چەند جۆرێکدا خۆی دەبینێتەوە ودەتوانێت بە چەندین شێوە دەربکەوێت، لەوانە:

### 2-2- 1. شیعرییەتی وێنەی هونەری

شیعرییەت و وێنەی هونەری بەناویەکدا دەچن و هەمان ئەرکییان دەبێت، کە ئەویش چڕ کردنەوەیە، بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی وێنەی هونەری بریتییە لە چڕکردنەوەی زمان، لە ڕێگەی ئەم چڕکردنەوەیەوە نوسەر دەتوانێت بیرۆکە ئاڵۆزەکان بە شێوەیەکی کاریگەر و جوان دەربڕبڕێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە خوێنەر چێژێکی زیاتر لە دەقەکە وەربگرێت "ئەرکی وێنە چڕکردنەوەیە، شیعرییەتیش بریتییە لە چڕکردنەوەی زمان" (جون کوین، 1995، 145). وێنەی هونەری تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی دەق نییە، بەڵکو ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گەیاندنی پەیام و مەبەستی نوسەر. کاتێک نوسەر پەیامێکی هەیە، بۆ دەربڕینی پەیام و چەمک و مەبەست و هەست و سۆز و ئەزمونەکانی و گوزارشت کردن لێیان، وێنەی هونەری لەناو دەقەکەی بەرهەم دەهێنێت "وەسف و خوازە و لێکچون وێنە دروست دەکەن" (رضا، 2021، 11). شیعرییەتی وێنەی هونەری بەهۆی شێوازی هەستگۆڕکێ، بەرجەستەکردن، بەکەسکردن، ...هتد، دروست دەبێت. بەختیار عەلی لەڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا چەندین جۆر وێنەی هونەری لەناو ڕۆمانەکەیدا بەکارهێناوە، وەک لەم دەقانەی خوارەوەدا دەیخەینەڕوو:

1. شێوازی هەستگۆڕکێ: ئەم جۆرە وێنەیە لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی سروشتی هەستەکان دروست دەبێت بەشێوەیەک، کە هەستێکی دیاریکراو بە هەستێکی دیکەوە دەگۆڕدرێت جوانی و شیعرییەت و ئیستاتیکا دروست دەکات. وەک لەم دەربڕینەی خوارەوە نوسەر وێنەی هونەری لەسەر ئەو بنەمایە دروستدەکات و دەڵێت:

"بێدەنگی ڕەنگی هەیە، ڕەنگ... بێدەنگی هەیە تاریک وەک شەوە زەنگ بێدەنگیش هەیە ڕووناک وەک ڕۆژ " (عەلی، 2005، 32). لەم دەربڕینەدا نوسەر شێوازی هەستگۆڕکێی بەکارهێناوە، هەستی بیستن لە ئاستێکی ئاساییدا لەگەڵ دەنگ و بێدەنگیدا پەیوەستە، گواستویەتیەوە بۆ هەستی بینین و ڕەنگەکان. ئەمەش دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان دوو بواری جیاوازی هەستکردندا. بێدەنگی بە سروشت پەیوەندی بەهەستی بیستنەوە هەیە، لێرەدا ڕەنگ و سیفەتی بینین وەردەگرێت، بەشێوەیەک خوێنەر دەتوانێت هەم بیبیستێت و هەم ببینێت. کاتێک نوسەر باس لە (بێدەنگی تاریک وەک شەوەزەنگ) دەکات، ئەوا ئاراستەیەکی تایبەتی بە بێدەنگی دەدات، لە ڕووی دەروونییەوە هەستی ترس، نیگەرانی، یان دڵەڕاوکێ دروست دەکات. لە بەرامبەردا (بێدەنگی ڕووناک وەک ڕۆژ) هەستی ئاسوودەیی، پاکی، یان هیوا دەگەیەنێت. ئەم جیاوازی و دووپاتکردنەوەی (بێدەنگی) لە دەربڕینەکەدا جەختکردنە لەسەر گرنگی ئەم گۆڕانکارییە هەستییە و دەیسەلمێنێت، کە بێدەنگی تەنها نەبوونی دەنگ نییە، بەڵکو دۆخێکی ئاڵۆزە کە دەتوانێت سیفەتی جۆراوجۆر بەخۆوە بگرێت.ئەم شێوازە شیعرییەتی بەدەربڕینەکە بەخشیووە. یان دەڵێت:

"قسەکانی دەتوانێت جۆرە عەتریک بڵاوبکاتەوە، کە هەموو بۆنە ناخۆشەکانی دونیا دادەپۆشێت" (عەلی، 2005، 32). نوسەر لەم دەربڕینەشدا شێوازی هەستگۆڕکێی بەکارهێناوە بەشێوەیەک، کە هەستی بیستن بۆ هەستی بۆنکردن گواستراوەتەوە. قسەکردن پەیوەندی بە گوێگرتن و بیستنەوە هەیە، لێرەدا خاسیەتی بۆنکردن وەردەگرێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆنێکی خۆش، کە دەتوانێت هەموو بۆنە ناخۆشەکان بشارێتەوە یان لە نێوی بەرێت. بڵاوکردنەوە و داپۆشین وەک دوو کردار بەیەکەوە دوالیزمێک دروست دەکەن، هەموو ئەوانەش شیعرییەتی دەربڕینەکە بەرز دەکەنەوە.

2. بەرجەستەکردن(بە زیندەوەرکردن): لەم وێنەیەدا نوسەر جەستە و ڕۆح بە شتە مادی و مەعنەوییەکان دەبەخشێت، بۆ نموونە نوسەر لەسەر زاری کارەکتەر (جەلادەتی کۆتر) لە وەسفی شاری منداڵی خۆیدا دەڵێت:

"ئەمە شاری منداڵی منە، شارێکە نامرێت، بەڵام کەس نازانێت لێرەوە چۆن بڕوا بەرەو ئەبەدییەت" (عەلی، 2005، 317). لەم دەقەدا نوسەر بەهۆی (بەرجەستەکردن، بە زیندەوەرکردن) وێنەیەکی هونەری دروستکردوە، دەڵێت: (شارێکە نامرێت) لێرەدا گیان دەبەخشێتە شارەکە و ئەو تایبەتمەندییانەی پێدەدات، کە تایبەتن بە گیانلەبەران، مردنیش بۆ هەموو ئەو گیانلەبەرانەیە، کە گیان لە جەستەیان دا هەیە، نوسەر شار وەک گیانلەبەرێک دەخاتەڕوو و خاسیەتی نەمردنیشی پێدەدات. بە هۆیەوە لادانی واتایی دروستدەکات. لێرەدا شار نەک هەر وەک ئاوەدانکراوێک یان کۆمەڵێک باڵەخانە و شۆستە، بەڵکو وەک گیانلەبەرێک، کە خاوەنی تەمەن و مەرگ و ژیان نیشان دەدات. دەبێتە سیمبولێک بۆ بیرهاتنەوە، بۆ ڕابردوو، بۆ بەردەوامی، بۆ ناسنامە. ئەمەش شیعرییەتی دەقەکەی بەرز کردۆتەوە، چونکە هەر وشەیەک چەندین ئاستی واتایی لەخۆدەگرێت و خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا هەست بە دۆزینەوەی واتا شاراوەکان دەکات. یان لە دەربڕینێکی تردا دەڵێت:

"جەلادەت من لێرەدا وەک ڕاوکەرێک، وەک تۆڕەوانێک کە لە بادا تۆڕی خۆی هەڵدەدات، تۆڕی خۆم هەڵدەدەم و شت دەگرمەوە، وەک خودایەکی چکۆلانەی گریکی، دەستەکانم بە بادا درێژ دەکەم و نیگاری بابردوو، مێژووی کوژراو دەگرمەوە" (عەلی، 2005، 112-113).

لەم دەربڕینەدا هونەری لێکچواندن و وێنەی هونەری لەسەر بنەمای بەرجەستەکردنی تێدا بەکارهاتووە، لە هونەری لێکچواندندا نوسەر لە زاری کاراکتەر دکتۆر موسای بابەک لە وەسفی خۆیدا بۆ جەلادەتی کۆتر خۆی بە ڕاوکەر و تۆڕەوان و خودایەکی گریکی دەچوێنێت. لە بەرجەستەکردنیشدا هاتووە مێژووی بەرجەستە کردووە. مێژوو جەستە و ڕۆحی نییە، بەڵام نوسەر وەک گیانلەبەرێکی خاوەن ڕۆح و جەستە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و دەڵێت: مێژووی کوژراو دەگرمەوە، لێرەدا جەستە و گیانی بە مێژووی نەتەوەکەی بەخشیوە، دواترهێناویەتیە ناو پرۆسەی کوشتنەوە.بەمەش ئاستی ئیستاتیکای دەربڕینەکەی بەهێز کردووە.

3. بەکەسکردن: بەکەسکردن وەک بنەمایەکی دروستبونی وێنەی هونەری شیعرییەت و ئیستاتیکادا لەناو دەق بەرهەمدێنێت. ئەم جۆرە وێنەیە بەهۆی شێوازی هەستگۆڕکێیەوە لە ڕێگەی گواستنەوەی خاسیەت و سیفات و تایبەتمەندییە مرۆییەکان بۆ سەر چەمکە ئەبستراکت و پێکهاتە سروشتییەکانی دیکە دروست دەبێت، وەک لەم دەقەی خوارەوەدا نوسەر دەڵێت:

"وەک یەکێک لە ژێر فشاری شەیتانێکدا بێت عارەقەی دەکرد و لەسەر بەرماڵەکەی دەکەوت و بێهۆشانە قسەی لەگەڵ مردندا دەکرد" (عەلی، 2005، 28). نوسەر لەم دەقەی سەرەوەدا لادانی واتایی لەسەر بنەمای (بەکەسکردن)ی (مردن) و هەروەها وێنەی خواستنی دروستکردوە. لەم دەقەدا نوسەر وەک مرۆڤێک مامەڵە لەگەڵ مردندا دەکات و قسەی لەگەڵدا دەکات. قسەکردن سیفەتێکە تایبەتە بە مرۆڤ، مردنی وەک چەمکێکی بێ تەن و نابەرجەستە و ئەبستراکت بەکەسکردوە و سیفەتی مرۆڤی پێداوە و وەک مرۆڤێک نیشانی دەدات، ئەم چەمکە بێتەنە دەگوازێتەوە بۆ ئەزمونێکی هەستپێکراو، گۆڕان لە واتای چەمکەکاندا دروست دەکات. کاتێک چەمکێکی ئەبستراکتی وەک مردن بەکەس دەکرێت، لە ئاستی هەستیدا بەرجەستە دەبێت و خوێنەر دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لەگەڵیدا بەرکەوێت، دەبێتە هاوڕێیەک، کەسایەتییەک، مرۆڤ دەتوانێت گفتوگۆ و پەیوەندی لەگەڵدا دروست بکات. ئەمەش دەقی ئەدەبی لە دەقی ئاسایی جیا دەکاتەوە و ئاستی شیعرییەتەکەی بەرزتر دەکاتەوە.

هەروەها بە هۆی کردەی قسەکردن، کە سیفەتی کاراکتەری مرۆڤە و داویەتیە پاڵ (مردن) خواستنی درکاو دروستکردووە، مردن بۆ خواستراوە لێچووە و بە مرۆڤ چوێندراوە و مرۆڤیش لەم دەربڕینەدا نەهاتووە و بۆتە لێ خواستراو. نەگونجان و ناتەواوی لە نێوان مردن و قسەکردنیش دا هەیە، چونکە مردن قسە ناکات. بەمەش نوسەر توانیویەتی وێنەیەکی هونەری دروست بکات و شیعرییەت بە دەقەکە ببەخشێت.

## 2-2-2. وێنەی لێکچواندن:

لێکچواندن وەک یەکێک لە هونەرەکانی ڕوونبێژی، بەشدارە لە دروستکردنی وێنەی هونەری و شیعرییەت لەناو دەقی ئەدەبی و دەقی ڕۆماندا. لێکچواندن بریتییە لە چواندنی شتێک بە شتێکی تر، واتا پەیوەندییەکی بەیەکچوون و بەراوردییە لە نێوان دوو لایەندا، بەهۆی یەکبوون و هاوبەشییان لە یەک، یان چەند خاسیەت و حاڵەتێکدا "هەڵدانەوەی پەردەیە لەسەر شتێکی نادیار، ئەمەش بۆ ئەوەی کە شتی نادیار لە ئارادا نەمێنێ و ئاشکرایی بێتە مەیدانەوە" (سەجادی، 1978، 44). لە وێنەی لێکچواندندا شتێک بە شتێکی تر دەچوێندرێت، یەکیان سیفەتێکی کز و لاوازی هەیە، پێی دەگوترێت لێچوو بە شتێکی تر دەچوێندرێت، کە سیفەتێکی و ڕوون و ئاشکرا و بەرز و جوانتری هەیە، پێی دەگوترێت لەوچوو. لەگەڵ بوونی سیفەت و پەیوەندی هاوبەش لە نێوان هەردوو لایەندا، پێی دەگوترێت ڕووی لێکچواندن. بنەڕەتی ئەوزاریش، کە حەلقەی بەیەک بەستنەوەی لێچووە لەگەڵ لەوچوودا، هەموو ئەمانەش بەهۆی بنەڕەتەکانی لێکچواندنەوە ئەنجام دەدرێن، بۆ ئەوەی شتە نادیارەکان دیار و ئاشکرا ببن. بەمەش وێنەیەکی زیندوو لە زەینی وەرگردا دروست دەبێت یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ باشتر تێگەیشتن لە بابەتەکە و بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەری دەقەکە. وێنەی لێکچواندن دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانی دەق، شیعرییەت و ئیستاتیکای لەناو دەقی ڕۆمان دروست دەکات، پەیوەندی نوێ لە نێوان شتە جیاوازەکاندا دروست دەکات و لایەنە شاراوەکانی واتا دەردەخات، هەروەها یارمەتی نوسەر دەدات بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی بە شێوەیەکی کاریگەرتر و هونەریتر. بۆیە وەک یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی بەرزکردنەوەی شیعرییەتی دەق دەناسرێت.

نوسەر بە شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی وێنەی لێکچواندنی بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی شیعرییەت لەناو ڕۆمانەکەدا، بۆ نموونە لەم دەقەدا لە زاری کارەکتەر (ئیسحاقی لێوزێڕین)ەوە کاتێک ئامۆژگاری قوتابییەکانی دەکات، لێکچواندنێکی جوان دروست دەکات، هەروەک دەڵێت: "من ئاوم، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێوەش دەبنە ئاو، ئاو جگە لە خورەی خۆی ناتوانێت بە زمانێکی تر قسەبکات، من بام ئێوەش ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبنە با باش ناتوانێت لە دەنگی خۆی ئاسانتر بدوێت" (عەلی، 2005، 24). لەم نموونە لێکچواندنەدا دەبینین تەنیا دوو بنەڕەتە سەرەکییەکەی لێکچواندن هاتوون، بەمەش لێکچواندنێکی ڕەوان دروستبوە، کە بە بەهێزترین جۆری لێکچواندن دادەنرێت. بەهۆیەوە لادان و شیعرییەت دروست بوون. کاتێک ئیسحاقی لێوزێڕین خۆی بە ئاو و با دەچوێنێت، لێکچواندنێک دروست دەکات، ئەم شێوازە تایبەتمەندییەکی هەیە لە ڕووی پێکهاتەی هونەرییەوە زۆر بەهێزە. چونکە تەنها لێچوو و لەوچوو هاتوون و ئەوزار و ڕووی لێکچواندن دەرنەکەوتون، لەم لێکچواندنەدا، ئیسحاق (لێچوو) وەک کەسێک بە دوو دیاردەی سروشتی (ئاو و با)، کە دەبنە لەوچوو دەچوێنرێت. ئەمەش بنەماکانی لێکچواندنی کۆیە. واتا لێکچواندنەکە بە گوێرەی ژمارەی لێچوو و لەوچو دەبێتە لێکچواندنی کۆ، چونکە لێچوو یەکە و لەوچوو زیاتر لە یەکە.

لە دەقێکی تردا لەسەر زاری عەلی شەرەفیارەوە (ئیسحاقی لێوزێڕین) بە ئامێری مۆسیقا دەچوێنێت، (نەی و فلوت) لێرەدا نوسەر سنوری نێوان واقیع و خەیاڵی تێکشکاندووە و کاراکتەری نێو ڕۆمانەکەی کردوەتە ئامێرێکی مۆسیقا و دەتوانێت بەهۆیەوە هەستەکانی ناوەوەی دەرببڕێت. وێنەی نەیەکی کون کون، کە ئەمەش لە خۆیدا ڕەمزە بۆ خەم، ئازار، پارچە پارچە بوون، پاشان بە ئامێرێکی تری دەچوێنێت و دەڵێت: (فلوتێک، کە بۆنی زەمان و ترس و تاریکی و نائومێدییەکانی لێدەهات) ئەمانە نموونەی ئەو لێکچواندنانەن ڕۆماننووس بۆ قووڵکردنەوەی ڕەهەندی دەروونی و فەلسەفی کارەکتەرەکەی بەکاریهێناوە، هەروەک دەڵێت:"لەوێوەوە جەلادەت باوەڕیهێنا کە ئیسحاق ئامێرێکی مۆسیقایە، باوەڕیهێنا ئەم پیاوە نەیەکی کون کونە، ئەو خۆی فلوتێک بوو بۆنی زەمان و تاریکی و ترس و نائومێدییەکانی لێدەهات، بەڵام هەمیشە باسی جوانی و ژیان و ئاسودەیی بۆ ئەو دوو کوڕە دەکرد" (عەلی، 2005، 28). گرنگی ئەم لێکچواندنانە لەوەدایە، کە نوسەر تەنها دوو

بنەرەتە سەرەکییەکەی لێکچواندنی هێناوە (لێچوو و لەوچوو) بەبێ هێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچواندن ئەمەش دەبێتە لێکچواندنی ڕەوان و بەرزکردنەوەی ئیستاتیکا و شیعرییەتی دەقی ڕۆمانەکە.

دیسانەوە هەر لە وەسفی مۆسیقادا، ڕۆماننوس وێنەیەکی لێکچواندنی هێناوە جوانی و ئیستاتیکای بە دەقەکە بەخشیووە، شیعرییەتی دەقەکەی زۆر بەهێز کردوە وەک لە نموونەی ئەم دوو دەقەدا دەڵێت:

"دونیا سەرتاپای مۆسیقایە… شەو سەرتاپای مۆسیقایە، باران سەرتاپای مۆسیقایە… " (عەلی، 2005، 35). لەم دەربڕینەدا نوسەر وێنەی لێکچواندنێکی تەختی دروستکردووە، سێ شت (دونیا شەو و باران)ی بە مۆسیقادا چواندنەوە، لێچو سێ یە (کۆیە) لەوچو یەکە، هەروا لێکچواندنی ڕەوانی بەکارهێناوە، چونکە تەنها دوو بنەڕەتی لێکچواندن هاتووە. یان دەڵێت:

"مۆسیقا ڕۆحمان دەهێنێتە قسە، ڕۆح چییە، ئێوە وا دەزانن ڕۆح چییە؟ ڕۆح لاڵە، شتێکە بێ زمان… عەردێکی بێدەنگە، عەردێکە هیچ شتێکی تیا ناخوێنێت، وەک دارستانێک وایە پڕە لە باڵدار و جانەوەری خەوتوو، پڕە لە ئامێری مۆسیقی کپ و بێدەنگ، ژوورێکە مرۆڤ پڕیکردوە لە هاوار و دایخستووە… " (عەلی، 2005، 34). لەم دەربڕینەدا لێکچواندنێکی فرەڕەهەند هەیە، کە تیایدا نوسەر چەمکی (ڕۆح) وەک لێچوو بە چەندین شتی جیاواز دەچوێنێت: (عەردێکی بێدەنگ، دارستانێکی پڕ لە باڵدار و جانەوەری خەوتوو، ژوورێک پڕ لە هاوار) لێرەشدا لێکچواندنی درێژە و کۆ دروست دەبێت، بەهۆی بونی لێچوو و لەوچوو و ئەوزار و ڕووی لێکچواندن (بێدەنگی). بە هێنانی چەندین وێنەی خەیاڵی و هەستی، نوسەر توانیویەتی چەمکێکی نابەرجەستە و نادیاری وەک ڕۆح بێنێتە بەردیدی خوێنەر و شیعرییەتێکی بەرزی پێببەخشێت. یان دەڵێت:

"وەک ئەوەی دونیا دەستارێکی زەبەلاح بێت و یەکێک لە ناکاو بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە بیسوڕێنێتەوە، وەک ئەوەی زەمەن بەرێتەوە دوا، هەموو شتێک لە شاری تەپوتۆزە زەردەکاندا گۆڕدرا" (عەلی، 2005، 270). ئەم وێنەیە لێکچواندنە، کە ڕۆماننوس لە دەقەکەی هێناویەتی جوانی و ئیستاتیکای بە دەقەکە بەخشیوە. لێرەدا لێکچواندنی درێژەی بەرەڵڵای بەکارهێناوە، چونکە هەر چوار بنەڕەتەکە هاتوون. لێکچواندنی دنیا بە دەستاڕ و ئاڕاستەی پێچەوانە گەڕاندنەوەی زەمەنە، ئەم لێکچواندنە وێنەیەکی سیوریالیستی دروست دەکات، گوزارشت لە پێچەوانەبوونەوەی ڕووداوەکانی دەکات. هەموو ئەمانەش لێهاتوویی و توانای زمانەوانی لە داهێنەرانەی نوسەر نیشان دەدات. شێوازی نوسەر لە بەکارهێنانی ئەم لێکچواندنانەدا ئەوە دەردەخات، کە زمانی نوسینی ڕۆمانەکەی لە سنوری گێڕانەوەی ئاسایی و ڕووداو تێدەپەڕێت و پەیوەندی لەگەڵ زمانی شیعری دروستکردووە. لێکچواندنەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی شیعرییەتێکی بەرز لە دەقی ڕۆمانەکەدا و نوسەر بەهۆیەوە توانیویەتی زمانێکی داهێنەرانە و تایبەت بۆ دەربڕینی جیهانبینی و فەلسەفەی خۆی دروست بکات.

### 3-2-2. وێنەی خواستن:

یەکێکی تر لە هونەرەکانی زانستی ڕوونبێژی و کەرەستەی دروستبونی وێنە، هونەری خواستنە. بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر، جگە لەمانای دروستی خۆی. دەبێت پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی پێکچوون بێت. واتە وشەیەک بۆ واتایەکی تر بەکار بهێنرێت، جگە لە واتای خۆی لەگەڵ بونی نیشانەیەک، نیشانەکە ڕێگری بکات وشەکە بۆ واتای دروست بچێت. بەهۆیەوە دەزانین، کە ئێمە مەبەستمان لەم وشەیە مانا خواستراوەکەیە، نەک مانا دروستەکە. خواستن توانای بەرجەستەکردنی دەربڕینی قوڵی هەیە. بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی شیعرییەتە، چونکە لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان دوو شتی جیاواز یان لێکچوو، دەتوانێت واتا قوڵەکان و ڕەهەندە جوانناسییەکانی دەقی ئەدەبی دەوڵەمەندتر بکات، بەمەش کاریگەری هونەری و دەروونی لەسەر خوێنەر دروست دەکات. "خواستن لە لێکچواندن نزیک دەبێتەوە، بەڵام لە لێکچواندن بەهێزترە و پاراوتر و چڕترە، هەر بۆیە شیعرییەتەکەشی زیاترە" (مەلا، 2021، 76). چونکە لە خواستندا تەنها یەک بنەما دەمێنێتەوە. خواستن لە پرۆسەیەکی گواستنەوەی واتادا ڕوودەدات. لەم پرۆسەیەدا وشە لە سنوری واتا ڕەسەنەکەی دەردەچێت بۆ واتایەکی تر، بە هۆی پەیوەندی ناوەکی و هەستپێکراوی نێوان هەردوو واتادا، کە لەسەر بنەمای لێکچوون و هاوچەشنی نێوان واتا ڕەسەن و نوێیەکە ڕوودەدات. ئەمەش پشت دەبەستێت بە توانای زمان لە داهێنان و گواستنەوەی مانا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ڕەمزی. بەختیار عەلی هونەری خواستنی لەم دەقەی خوارەوەدا لە وەسفی ئەو کەسانەی، کە لەناو کایەی سیاسەت کار دەکەن بەکارهێناوە و هەروەک دەڵێت:

"ئەو دڕندانەی سیاسەت دروستییاندەکات جیاوازییەکی زۆریان لەو جانەوەر و وەحش و درەئاژەڵانە هەیە، کە سروشت خولقاندوونی، مەکربازتر و خۆگۆڕترن، ئاسانتر دەتوانن شێوەی فریشتەیەکی پاک وەربگرن، دەتوانن لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە بە بێ کێشەو گرێی گەورە هاتوچۆ بکەن. بۆ نموونە ئەو وەحش و درەئاژەڵانەی سروشت دروستیاندەکات، لەگەڵ گۆڕانی سروشت و وەرگەڕان لە هەلومەرجەکانی ژینگەدا زۆربەیان لە نێو دەچن، بەڵام ئەو حەیوانە دزێوانەی سیاسەت دروستیان دەکات لەگەڵ لابەلابونەوەی باری سیاسیدا دەتوانن بە دەم و چاوێکی دیکەوە بێنەوە سەر شانۆ" (عەلی، 2005، 386).

نوسەر لەم دەقەی سەرەوەدا جگە لە هونەری لێکچواندن، کە پیاوانی سیاسی بە درەئاژەڵ چواندووە، هونەری خواستنی بەکارهێناوە، لێرەدا وشەکانی (دڕندە، درەئاژەڵ و حەیوانی دزێو) لێ خواستراوە، بۆخواستراو پیاوانی دروستکراوی سیاسەتن نیشانەی خواستنیش لەم وێنەیەدا وشەکانی (مەکربازتر و خۆگۆڕترن، ئاسانتر دەتوانن شێوەی فریشتەیەکی پاک وەربگرن)ە، ئەو نیشانەیە ڕێگری لەوە دەکات خوێنەر بۆ مانای دروست بچێت، کە دڕندە، درەئاژەڵ و حەیوانی دزێوە، هەروەها خوێنەر بەرەو ئەو تێگەیشتنە دەبات، کە مەبەستی لە ئاژەڵە ڕاستەقینەکان نییە، بەڵکو لە جۆرێکی تر لە (حەیوان)ە، کە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا شاراوەیە. بەمەش خواستنی ئاشکرای دروستکردووە، چونکە لێ خواستراو هاتوە. ئەوەشە ئاست و شیعرییەتی دەقەکەی بە هێزتر کردووە. نوسەر کاتێک وشەکانی دڕندە، (درەئاژەڵ و حەیوانی دزێو) بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی سیاسەتمەدارەکان. ئەم گواستنەوەیە لەسەر بنەمای چەندین خاسیەتی هاوبەش ڕوودەدات، کە لە نێوان ئاژەڵە دڕندەکان و ئەو کەسانەی، کە لە ناو کایەی سیاسەتدا چالاکن دەبیندرێتەوە. شیعرییەتی ئەم خواستنە لەوەدایە، کە چۆن نوسەر توانیویەتی بە تەنیا لە یەک وێنەدا هەردوو لایەنی ڕەخنە و وەسف بەیەکەوە ئەنجام بدات. لە لایەک نوسەر ناڕەزایەتی و ڕقی خۆی لە ئەم جۆرە لە سیاسەتمەدارانە نیشان دەدات، لە لایەکی دیکەوە وەسفێکی ورد بۆ سروشت و ڕەفتاریان دەکات.

### 4-2-2. وێنەی ڕەمزی

ڕەمز وەک چەمکێکی ئەدەبی و هونەری، لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان دوو واتا یان زیاتر دروست دەبێت. ڕەمز پردێکە لە نێوان واتای ڕواڵەتی و واتای قوڵی شاراوەدا، نوسەر بەکاری دەهێنێت بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکە و هەستانەی، کە بە زمانی ڕاستەوخۆ ناتوانرێت دەربڕدرێن. بەکارهێنانی وشەیەک یان دەستەواژەیەکە بۆ واتایەکی تر و لە جیاتی شتێکی تردا، یان ئیحا و ئاماژە بۆ شتێکی تر دەکات، کە نادیارە. ڕەمز بەشداریکردنی زیاتر لەیەک واتایە لە وشەیەکدا. پەیوەندی و کارلێکی نێوان دوو شتە، یەکیان واتاکەی ڕوونە و ئەوەی تر نهێنی و شاراوەیە. بۆ دروستکردنی کاریگەری و بۆ بەخشینی ئیحا. لە ڕوانگەی ئیستاتیکییەوە، ڕەمز توانای بەخشینی ڕەهەندی شیعرییەت و جوانکاری بە دەقی ئەدەبی هەیە "ڕەمز یەکێکە لە خەسڵەتە درەوشاوەکانی شیعرییەت" (خۆشناو، 2009، 307). نوسەر لە ڕێگەی ڕەمزەوە دەتوانێت ئەو جەوهەرە نەبینراوانە دەرببڕێت، کە پەیوەندییان بە لایەنی دەروونی و مەعریفییەوە هەیە. ڕۆماننوس بەپێی ڕۆشنبیری خۆی کۆمەڵێک ڕەمز بەکاردەهێنێت بە مەبەستی بەخشینی بەهای ئیستاتیکی و شیعرییەت بە دەقی ڕۆمانەکەی، بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامی خۆی. هەندێکجار ئەوەی لە دەروونی پەنگی خواردوە و ناتوانێت لە ڕێگەی زمانی ئاساییەوە دەریببڕێت بە ڕەمز دەریدەبڕێت، ئەو ڕەمزانەش پێویستیان بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و تێڕامانی قوڵ و ڕۆشنبیرییەکی فراوانی خوێنەر هەیە بۆ دۆزینەوەیان. هەروەها بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتن و توانای لێکدانەوەی خوێنەر بۆ ئەو ڕەمزانە واتاکانیشیان دەگۆڕێت، بەهۆی ئەوەی سروشتی ڕەمز ئەوەیە، کە زیاتر لە یەک واتا و ئیحا لە خۆ هەڵگرێت، توانای گواستنەوەی چەندین واتای جیاواز و قوڵی هەبێت، بەمەش شیعرییەتی دەق بەرزدەبیتەوە.

ڕەمز دوو جۆری سەرەکی هەیە: ڕەمزی خودی و بابەتی، ڕەمزی خودی تایبەتی یان کەسین، بەپێی ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیری نوسەر خۆی دایدەهێنێت. ڕەمزی بابەتی ڕەمزی گشتین و ئەوانیش چەند جۆرێکن: ڕەمزی جیهانی، ڕەمزی هاوبەشن، لە ناو ئەدەبیاتی جیهانیدا هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنن، ڕەمزی ئەفسانەیی لە ئەفسانە کۆنەکانەوە وەرگیراوە، ئەفسانەش خۆی دەلالەتی ڕەمزی تێدایە، بەیەکگرتنی هەردوکیان ڕەمزی ئەفسانەیی دروست دەبێت، ڕەمزی ئایینی و

کەلەپوری کەلتوری و ڕەمزی مێژویی. هەر یەک لەم جۆرانە بەشدارن لە دەوڵەمەندکردنی زمانی دەقی ئەدەبیدا. ئیستاتیکا و شیعرییەت بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت.

بەختیار عەلی لەڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا چەندین جۆرە ڕەمزی بەکارهێناوە، ئێمە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، لەوانە: سودی لە ڕەمزی ئەفسانەیی وەرگرتووە و بەکاریهێناوە. یەکێک لەوانە ڕەمزی ئەفسانەی باڵندەی قەقنەسە، کە لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەیدا ئەو ڕەمزەی بەکارهێناوە و ناوی باڵندەی قەقنەسی هێناوە، بۆ نموونە دەڵێت:

"سەرەتای ئەو جەنگە سەرەتای کۆتاییە گەورەکان بوو... کۆتایی سەدەیەک و ڕوخانی ئەفسانەکانی بوو... کۆتایی دونیایەک و سەرهەڵدانی دونیایەکی تر بوو لە خۆڵەمێشە خوێناوییەکەی، وەک قەقنەسێک کە دەسوتێت و لە خۆڵەمێشی خۆیدا دروستدەبێتەوە" (عەلی، 2005، 271). یان لە دەڵێت: "قەقنەس کەسێکە لە نێوان مردن و ژیاندا یاریدەکات" (عەلی، 2005، 557).

بەختیار عەلی ئەم ڕەمزەی بەکارهێناوە بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکانی نەمری، ژیانەوە و بەخشینی ژیانێکی نوێ پاش خۆڵەمێش بوون، کە ئەمەش کۆمەڵێک دەلالەتی فەلسەفی و هونەری و ئیستاتیکی لە خۆدەگرێت. قەقنەس ئەو باڵندەیەی، کە لە ئەفسانە یۆنانیەکاندا هێمای نەمری یە. وەک لە ئەفسانەکاندا هاتووە قەقنەس خاوەن دەنگێکی خۆش و توانای خۆسووتاندن و لەدوای خۆڵەمێش بوون سەرلەنوێ زیندووبوونەوەیە. بەوەی هەر جارێک، کە دەسوتێت و دەمرێت دەبێتە خۆڵەمێش، دواتر هەر لەناو خوڵەمێشەکەی خۆیدا زیندوو دەبێتەوە، قەقنەس کاتی مردنی خۆی دەزانێت. کاتێک بە نزیکبونەوەی مردنی خۆی دەزانێت دارێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و ئاگر لە دارەکاندا بەر دەدات خۆی هەڵدەداتە ناویەوە. بۆیە بەهۆی سیفاتەکانیەوە، کۆمەڵێک دەلالەتی جیاوازی لێ بارکراوە و نوسەریش وەکو ئاماژەیەک بۆ ژیانی نەمری بە کاراکتەری سەرەکی (جەلادەتی کۆتر) بەکاریهێناوە بەوەی هەمان سیفەتی قەقنەسی هەیە و دوای چەندین جار مردن و بوون بە خۆڵەمێش توانای زیندوو بوونەوەی هەیە.

ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی بەکارهێنانێکی هونەری و پڕمانای وێنەی بیابان/سەحرایە، وەک ڕەمزێک بۆ کارەساتی ئەنفال بیابان یان سەحرا بۆتە ڕەمزێکی داهێنراوی بەختیار عەلی لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەیدا بەکاریهیناوە، وەکو ڕەمزێک بۆ ڕووداوی تراژیدی ئەنفال. کە لەو کارەساتەدا بە هەزاران منداڵ و ژن و پیاوی کورد لە بیابانەکانی باشوردا زیندە بەچاڵ کران، وەک فەزایەکی مەرگ و نەمان، وەک گۆڕستانێکی بێسنوور دەردەکەوێت. بەختیار عەلی ڕەهەندێکی ئەدەبی و فەلسەفی بە کارەساتی مێژوویی ئەنفال دەبەخشێت. بەوەی بیابان لێرەدا تەنها شوێنێکی جوگرافی نییە، بەڵکو مەیدانێکی میتافیزیکییە، کە یادەوەری و ڕۆحی قوربانیان تێیدا زیندووە. ڕەمزێکە ئاماژە بە سڕینەوەی مێژووی تراژیدی زامی قووڵی میللەتێک دەکات، کە مێژووی نەتەوەی کوردی پێ دەناسرێتەوە. وەک دەڵێت:

"کە سەیری چاوانی یەکترییان دەکرد ئەو منداڵانەیان بە یادا دەهاتەوە کە لە سەحرا بینیبویانن، ئەو منداڵە بچوکانەی کە با لە سەحراوە دەهات بۆنی ڕۆحی خۆیان لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. کە سەری خستە ناو دەستی دالیاوەوە دەگریا هەستی دەکرد بۆ ئەو ڕۆحە تەنهایانەی ژێر لم دەگری کە خەیاڵی هەردووکیانی پڕ کردبوو" (عەلی، 2005، 268). یان دەڵێت: "ئا لەو یادا دەنگە دەنگێکی سامناک بەرزدەبووەوە، هاواری هەزاران ئادەمی تیکەڵ بە گڤەی گەردەلوول و ڕەشەبایەکی بیابانی دەبوو. لەو دیو ئەو دیوارە بەرزو پەردە ترسناکانەی تاریکییەوە، لە زوڵمەتیکی بێوێنەدا، من هەزاران تارماییم دەبینی هاواردەکەن، هەزاران تارمایی وەک ئەوەی بایەک بەرەو دەروازەی دۆزەخ بیانفڕێنێت" (عەلی، 2005، 205).

لەم دەربڕینانەی سەرەوە و تەواوی ئەم ڕۆمانەدا بیابان بووەتە پەیکەرێکی دەنگی، کە هاواری بێدەنگکراوان تێیدا دەزرینگێتەوە. نوسەر ئەو پارادۆکسە دەخاتەڕوو(دەنگ و بێدەنگی)، چۆن بیابان لەیەک کاتدا شوێنی دەنگی هاواری قوربانیان و بێدەنگی چەپێنراوی مێژووە. بیابان فیزیکییانە بۆشاییەکی کراوەیە، بەڵام هاوکات شوێنی نوقمبوون و دیارنەمانە. ئەم دوانەییە ئاماژەیە بۆ دوالیزمی بیرهاتن و لەبیرچوونەوە، کە کۆمەڵگاکان دوای جینۆساید بەرەوڕووی دەبنەوە. یان دەڵێت:

"چەندین ساڵە شەو لە دوای شەو لەو بیابان و زۆنگاوانەی پشت ئەم زەمینەوە ئەوان خەڵک لە باشوور و باکوورەوە دەهێنن و لەو خاکانەدا دەینێژن، گۆڕی گەورە گەورە دروست دەکەن، ئۆقیانوسی مەزن و بێکەنار لە ئێسک و پروسک، هەندێجار بە زیندوویی و هەندێجار بە مردوویی دەیانکەن بە ژێر لمەوە" (عەلی، 2005، 123).

بیابان تەنها پانتاییەکی شوێنی نییە، بەڵکو فەزایەکی کاتییە، کە ڕابردوو و ئێستا تێیدا تێکەڵ دەبن. نوسەر لە چەندین شوێنی دیکە وشەی سەحرا بیابانی بەکارهێناوە بۆ چەندین مەبەست و ڕەمزی جیاجیا و بیابان دەبێتە فەزایەکی ناکۆک چەندین ڕووبەری جیاواز لەخۆدەگرێت، لەوانە: بیابان وەک شوێنی مەرگ، بیابان وەک یادەوەری، بیابان وەک تۆپۆگرافیای دەروونی. لە هەندێک شوێندا سەحرا ڕەمزە بۆ تەنیایی، لە هەندێکی تر سەحرا ڕەمزە بۆ بێدەنگی (بێدەنگی ئەوانەی، کە زیندە بەچاڵ کراون، بێدەنگی دونیا لەو خەڵکە کە زیندە بەچاڵ دەکرێن) لە شوێنی تر نوسەر سەحرای بەکارهێناوە وەک ڕەمزێک بۆ زوڵمەت و تاریکی، بۆ زوڵم، لە شوێنی تر ڕەمزە بۆ گۆڕستان و ئەنفالکردن. ئەم فرەڕەهەندییە وا دەکات، کە نوسەر کارەساتێک بە شێوازێکی ئیستاتیکی لە دەقدا بەرجەستە بکات، بەمەش داهێنان و شیعرییەتی دەقەکە بەرزتر دەکات.

## ئەنجامەکان

– لادان لە نۆرمی ئاسایی زمان و لادانی واتایی بنەمای سەرەکی دروستکردنی شیعرییەتن، ئاستی ئیستاتیکی دەق بەرز دەکەنەوە. شیعرییەتی زمان لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا لە ڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی هونەری، لێکچواندن، ڕەمز و خواستنەوە دەلالەتی فرەڕەهەندی دروست دەکات. ئەم وێنانە دەبنە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانی دەق، هەروەها پەیوەندی نوێ لە نێوان شتە جیاوازەکان دروست دەکەن و لایەنە شاراوەکانی واتا دەردەخەن.

– لێکچواندن یەکێکە لەو وێنانەی بەختیار عەلی بە شێوەیەکی هونەری و کاریگەر بەکاریهێناوە. بەرزترین ڕێژەی لادانی لە نموونەی لێکچواندندا بەکارهێناوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تواناو لێهاتوویی نوسەر لەم بەکارهێنانی ئەم جۆرە وێنەیەدا، بەهۆیانەوە زمانی ڕۆمانەکەی لە سنوری گێڕانەوەی ئاسایی تێپەڕاندووە و پەیوەندی لەگەڵ زمانی شیعری دروستکردووە. لێکچواندنەکانی بە شێوەی جۆراوجۆر بەکاریهێناوە، لە لێکچواندنی ڕەوان و تەخت تا درێژەی بەرەڵا، هەرچەندە زیاتر لێکچواندنی ڕەوانن، کە تەنها دوو بنەڕەتە سەرەکیەکەی تێدا بەکارهاتووە.

– هونەری خواستن یەکێکە لە جۆر و شێوازەکانی دروستبونی لادانی واتایی، بەختیار عەلی بەهۆیەوە توانیویەتی دەربڕینی قووڵ بەرجەستەبکات و ڕەهەندە جوانناسییەکانی دەق دەوڵەمەندبکات. لەبەکارهێنانی هونەری خواستندا، هەردوو لایەنی ڕەخنە و وەسفی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، بەمەش ئاست و شیعرییەت و پلەی هونەری و جوانناسی دەقەکەی بەهێزتر کردووە.

– نوسەر توانیویەتی بە شێوازێکی شارەزایانە ڕەمزەکان بەکاربهێنێت، کە ئەمەش وایکردووە ڕۆمانەکە هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە و هەم لە ڕووی فۆرم و شێوازەوە شیعرییەتێکی بەرزی هەبێت. ڕەمزەکانیشی بە چەندین شێواز بەکارهێناوە، بەجۆرێک، کە هەر ڕەمزێک چەندین دەلالەتی جیاواز هەڵدەگرێت، لەوانە: توانیویەتی ڕوداوی مێژوویی وەک ئەنفال بە ڕەمزی هونەری بگێڕێتەوە. بەمەش ڕەهەندێکی ئیستاتیکی بە زمانی ڕۆمانەکە بەخشیووە و بەرەو لایەنی فەلسەفی و میتافیزیکی بردووە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی

– ئەرستۆ(2011)، هونەری شیعر (شیعرناسی)، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپی دوەم، چاپخانەی: ڕەنج، سلێمانی.
– خۆشناو، هێمن عومەر (2009)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی: وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
– دزەیی، عەبدولواحد مشیر (2009)، واتاسازی چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی: خانی، هەولێر.
– ڕەنجدەر، سەباح (2013)، سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە، چاپخانەی: بینایی، سلێمانی.
– سەجادی، عەلائەدین (1978)، خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپخانەی: مەعاریف، بەغدا.
– صالح، ئاوارە کەمال (2020)، شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

- عەلی، بەختیار(2005)، شاری مۆسیقارە سپییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی: ڕەنج، سلێمانی.
- عەلی(د)، تالیب حوسێن(2011)، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی: ڕۆژهەلات، هەولێر.
- عەبدوڵڵا (د)، ئیدریس (2013)، شێوازگەری لادان، چاپخانەی: لەریا، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (2016)، فەرهەنگی ئەدەب و ڕۆشنبیری، زاراوە و کەسایەتی، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە ڕاگەیاندن، هەولێر.
- کەریم، ئازاد عبدالواحد (2017)، شیعرییەتی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی: کتێبخانەی گشتی بەغدا، کەرکوک.
- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (2011)، شێواز و شێوازگەری، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی کوردستان، چاپخانەی: ڕۆژهەلات، هەولێر.
- هالبێرگ، پیتەر و دانەرانی تر (2010)، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئامادەکردن و وەرگێرانی: ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی: یادگار، سلێمانی.

## دووەم: نامەی ماستەر

- حسێن، جەبار ئەحمەد (2005)، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی_ کوردستانی عیراق(1950_ 1970)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
- حەسەن، ڕێکار عەلی (2023)، شیعریەتی کات لە ڕۆمانەکانی میران ئەبراهام دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
- رضا، ئیدریس محەمەد (2021)، وێنەی شیعری لە دیوانی (تەمەن)ی (ئەحمەد محەمەد)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
- مەلا، مەهدی محەمەد (2021)، شیعرییەت لە ( کارێزە مەرجان) ی موحسین ئاوارەدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

## سێیەم: بەزمانی عەرەبی

- طودوروف، تزفيطان (1990)، الشعرية, ترجمة: شكري المبخوت و رجاء بن سلامة, الطبعة الثانية, دار توبقال للنشر, المغرب.
- كوهن، جان (1986)، بنية اللغة الشعرية، ترجمة: محمد الوالى العمرى، ط1، دار توبقال للنشر، المغرب.
- كوين، جون (1995)، اللغة العليا النظرية الشعرية، ت: د. احمد درويش، مجلس الاعلى للثقافة المشروع القومى للترجمة، القاهرة.
- ناظم، حسن (1994)، مفاهيم الشعرية، دراسة مقارنة في الاصول والمنهج و المفاهيم, الطبعة الأولى, المركز الثقاقي العربي, بيروت.

### سەرچاوەی ئەلکترۆنی:

حەمە مەنتک، November 28, 2010)، هونەری زمان لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاخ بوکیان گواستەوە) ی کاروان عومەر کاکەسوردا.
https://dengekan.ca/archives/13308

**The Poetics of Novel Language at the Semantic Level: the Novel "City Of White Musicians" by Bakhtiar Ali as an Example**

**Bahar Abduljabar Jami**
Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region,Iraq.
bahar.jami@su.edu.krd

**Rebwar Muhammad Ismail**
Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region,Iraq.
rebwar.ismael@su.edu.krd

**Abstract**
This research, titled "The Poetics of Novel Language at the Semantic Level - The Novel 'City of White Musicians' by Bakhtiar Ali as an example," is an attempt to reveal the poetics and domains related to poetics and language in the translated novel. The research examines the poetics of novel language at the semantic level, taking the novel "City of White Musicians" as a practical example.
One of the distinguishing features of literary text language is the presence of poetics within it. The level of poetics in literary works becomes the identity and individual style of the writer. In this research, the level of poetics and the artistic foundations of the semantic poetics of the novel are presented, showing the distinction and style of the poetic language of the novel. The research sheds light on how artistic and linguistic techniques are used in artistic imagery, metaphor, simile, and symbolism in creating new semantic meanings. It also analyzes the role of language as a creative tool for producing artistic text, particularly within the novel. In conclusion, the level and value of the poetic language of our novel text is revealed.
**Keywords:** Poetics, Language Poetics, Semantic Level, Artistic Imagery, Novel.

**شعرية لغة الرواية على المستوى الدلالي: رواية "مدينة الموسيقيين البيض" لبختيار علي أنموذجا**

**ريبوار محمد إسماعيل**
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين–أربيل،
إقليم كوردستان ،العراق
rebwar.ismael@su.edu.krd

**بەهار عبد الجبار جامي**
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين–أربيل
إقليم كوردستان ، العراق
bahar.jami@su.edu.krd

**الملخص**
هذا البحث تحت عنوان (شعرية لغة الرواية على المستوى الدلالي – رواية "مدينة الموسيقيين البيض" لبختيار علي أنموذجا)، محاولة لإظهار الشعرية والمجالات المرتبطة بالشعرية واللغة في الرواية المختارة. يبحث في شعرية لغة الرواية على المستوى الدلالي، باتخاذ رواية "مدينة الموسيقيين البيض" كنموذج عملي.إحدى السمات المميزة للغة النص الأدبي هي وجود الشعرية فيها، مستوى الشعرية في الأعمال الأدبية يصبح هوية وأسلوب الكاتب الفردي.في هذا البحث يعرض مستوى الشعرية والأسس الفنية لشعرية دلالة الرواية، ويظهر تمييز وأسلوب شعرية لغة الرواية. يسلط البحث الضوء على كيفية استخدام الفنون والتقنيات اللغوية في الصورة الفنية والتشبيه والاستعارة والرمز في خلق دلالات جديدة. كما يحلل دور اللغة كأداة إبداعية لإنتاج النص الفني وخاصة داخل الرواية. وفي النهاية يكشف عن مستوى وقيمة شعرية لغة نص روايتنا.
**الكلمات المفتاحيية** :الشعرية، شعرية اللغة، المستوى الدلالي، الصورة الفنية، الرواية